# دواستوون

## بۆ شێرکۆ تاڵیب لەئامێزی نیشتماندا

ئەوانەی دەبنە گوڵێك و هێلانە بۆ هەنگ چێ دەکەن.. دەبنە ئێوارەیەکی نارنجی و خۆر دەسپێرن بەنسرمی شەو.. ئەوانە هەمیشە ئۆغریان سپاردنی وڵاتە بەمانگ و خۆشیان بەدەریا...

موسافیرەکانی ئەمڕۆ.. ئەوانەی تەنها ئاوڕێك نادەنەوە لەنیشتمان، ئەوانەی تەنها هەڵوەستەیەك نایانگەڕێنێتەوە بۆ چاوشارکێکەی منالّی... (ماغوط) وتەنی تەنها بەپێڵاوەکانیانەوە بەستراونەتەوە بەنیشتمان.. ئەوانە سەفەر ئێرەی لێکردوون بەغوربەت و ئەوێش بەزێد.. موسافیرەکانی ئەمڕۆ کەڕەنگە ناولەپیان پڕبێت لەیاقوت.. خەیاڵیان پڕبێت لەمەرجان.. بەردەوام لەشوێن پێیەکانیان زایەڵەیەك.. پەڕە مووچەی ڕەنگێك.. قەڵەمێ هەیە کەچاو بەفرمێسك پێیان دەڵێت: کەڕۆیشتن دوعا بۆ ئەو نیشتمانە بکەن کەئێوە دەرسی ئەلف و بێی عیشقیتان ئەزبەر نەبوو.. بڵێن درووود لەو نیشتمانەی ئێمە برینەکانیمان نەلاواندەوە...

یەکێك لەو دەنگە ڕەسەنانەی گۆرانی لێوئاڵی ئەمڕۆی کوردی کە بەحیکمەتی دەروێشێك و سەدەفی خەڵوەتی زاهیدێکی کەنار دەریا دەست بۆ سەرو زوڵفی شیعر دەبات و لەسەر مەزهەبی منالێکی ئێرە پێڵووەکانی بۆ خۆر هەڵدەبڕێت و لەدەفتەری شەودا ئیملای فیرقەت.. فیرقەت حونجە دەکات.. یەکێك لەو دەنگانەی ئاواز لەگوڵە وەنەوشەی ئێوارەیەکی سلێمانی وەردەگرێت و وەکو لەرەی گەڵای درەختێکی سەرچنار دەیلاوێنێتەوە ئەو دەنگی پێی شەوە... ئەو تەجویدی ژیانە.. هونەرمەند (شێرکۆ تالیب)ە..

هەوێنی نووسینی ئەم وشانەم لەوێوە دێت کاتێك بەهاوڕێکەم وت شێرکۆ تالیب لەگەڵ ئێمە لە(کوردسات) دەوام دەکات، بەحەیران بوونێکەوە هاوڕێکەم پرسی:

بەڕاست؟ سەیرە! نەڕۆیشتووە بۆ هەندەران. بێئەوەی وەڵامی هاوڕێکەم بدەمەوە لەبەر خۆمەوە وتم؛ ناحەقت نییە هاوڕێم ئەمڕۆ هونەرمەندێتی، شاعیرێتی، داهێنان دەبێت هەر بڕوات بۆ ئەوێ.. بۆ ئەوەی مرۆڤ باڵابێت پێویستە سەفەر بکات!!!... هەر بۆیە کاتێك کەسانێکی وەك شێرکۆ دەمێننەوە بەهەموومان دەڵێن: هێشتا پەنجەرەیەك ماوە بۆ تەماشا.. بەدەر لەهەموو ئەوانە کەڕۆژانە شێرکۆ کەسایەتی ناو گۆرانییەکانی بەهەموومان دەڵێتەوە.. هێدی هێدی دەستەکانی بۆ سڵاو بەرز دەکاتەوە.. بەگەرموگوڕی دەوامەکەیشی لە(کوردسات) دەریدەخات کەچەند توند ئامێزی کردووە بەو چڵە نێرگزەدا.

لێرەوە درووود بۆ هەموو بەهرەمەندانی کورد بەتایبەتی بۆ ئەوانەی لەئامێزی نیشتماندان...

**هۆشیار عەبدوڵڵا**